شەکراوی هونەرمەند چۆپی خورایەوە هۆگر محەمەد

ڕێکەوتی 10- 4 - 2005 لە ڕۆژی یەک شەممە ، بە ئامادە بونی هەردوو بنەماڵەی هونەرمەند چۆپی و هاوسەرەکەی ( نامۆ بارام ) ، لە شاری ئەلکماری هۆڵەندا، مارەی هونەرمەند چۆپی بڕا و شەکراوی خورایەوە.
لەم مەراسیمەدا جگە لە هەردوو بنەماڵەکە و هاوڕێ و دۆستەکانیان، چەندەها سیاسەت مەدار و هونەرمەند و نوێنەرانی پارتە کوردییەکانی تێدا بەشداربوو، هەروەها سەفارەتی عیراقیش لە هۆڵەندا چەند نوێنەرێکی خۆیان ناردبوو بە باوەشێک گوڵەوە بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ سەلاح باوانی بۆ بەشداربوون لە مەراسیمی مارەبڕینی هونەرمەند چۆپی لە نامۆ بارام.
بەڕێز نامۆ بارام لە دایک و باوکێکی کوردپەروەرە و دایکی نامۆ خەڵکی شاری کەرکووکە و باوکیشی خەڵکی شاری سلێمانییە، هاوتەمەنی هونەرمەند چۆپییە و تا ئێستا قوتابییە و لە زووەوە دایک و باوکی کوردستانیان بەجێ هێشتووە، لە وڵاتی ئیسپانییا لە دایک بووە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە. هاوسەری هونەرمەند چۆپی، بەڕێز نامۆ بارام ئەندامێکی چالاکی پارتی کرێکارانی هۆڵەندایە و پەیوەندییەکی چاکی هەیە لە گەڵ پەرلەمانتارانی هۆڵەندایا و لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی خزمەت بە نەتەوەکەی بگەیەنێت.

پێم باشبوو بەم بۆنەیەوە چەند پرسیارێک ئاراستەی هونەرمەند چۆپی بکەم، بە داخەوە لە ڕۆژی شەکراو خواردنەوەکەدا لە بەر زۆری میوان و سەرقاڵی چۆپی ، ئەو هەلەم وەرنەگرت دوو ڕۆژ دوای ئەو مەراسیمەکە چەند پرسیارێکم ئاراستەی هونەرمەند چۆپی کرد.

پرسیار : چۆپی خانم چۆن بوو بەڕێز نامۆ بارامت هەڵبژارد بە هاوسەری خۆت؟
چۆپی : بە بۆچونی من هەر یەکێک ئازادە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی خۆیدا، هەر من ئەوم هەڵنەبژاردووە ، ئەویش منی هەڵبژاردووە، نامۆ مرۆڤێکی ڕاست گۆیەو بیرکردنەوەی زۆر لە گەڵ بیرکردنەوەی مندا دەگونجێت ، بە تایبەت مرۆڤیکی نەتەوەییە و کۆششەکانی بۆ کوردستانی گەورەیە و جیاوازی نابینێت لە نێوان کەرکوک و ئامەد و قامیشلۆ و مەهابادا، لە لایەکی تریشەوە زۆر هونەر دۆستە و بەڵێنی داومەتێ پشتم بگرێت لە هونەرەکەمدا.

پرسیار : وەکوو بیستمان لە ڕۆژی شەکراوخواردنەوەکەتدا باسی مارەیی کرا، تا چەند باوەڕت بە مارەیی هەیە؟
چۆپی : مارەیی مادەیە، گەر بەڕێزت لە گەڵ هاوسەرەکەت نەگونجێی مادە ئەرزشێکی نییە ، چی لە زێڕ و پارە دەکەیت!!!!
من مارەییەکەم بڕە پارەیەک بوو ، ئەویشم بە خێزانی شەهید و ئەنفال بەخشیووە.

پرسیار : پیرۆز شەکراوت خورایەوە و مارەت بڕا لە بەڕێز نامۆ بارام، هەردوو بەڕێزیشتان قوتابیین جارێک... ئایە بە نیازیت بەم زوو بچیتە ماڵی خۆت؟.
چۆپی : من و نامۆ پیمان باشە ئەم هاوینە ئاهەنگێک بگێرین بە بۆنەی نیشانە کردنمەوە، دوای ئەوە بیر لە دروستکردنی ماڵێک دەکەینەوە، کەی؟؟ ئەوە جارێک دەستنیشانمان نەکردووە.

پرسیار : وەکوو ئاشکرایە لە داب و نەریتی کوردەواریدا تەنها پیاو بەشداری لە شەکراوخواردنەوە دەکات ، بەڵام لە شەکراوخواردنەوەی بەڕێزتدا، ژنانییش بەشداریان کرد، ئەوە چۆن بوو تۆزێک باسی ئەوەمان بۆ بکە.

چۆپی : ئێمە مەبەستم ( من و نامۆ ) یە پێمان خۆش نییە ژن لە بۆنەکاندا لە دەرەوەی بازنەدا بێت، دەبێت وەکوو یەک سەیر بکرێین، لای ئێمە شتێکی ئاسایی نەبوو، کە ژن بەشداری نەکات لە شەکراوخواردنەوەکەدا.

پرسیار : هەموو کاتێک دوو شایەد دەگیرێت بۆ مارە بڕیین، مارە بڕینی تۆ لە نامۆ چوار شایەد بوو. ئەوە چۆن بوو؟.

چۆپی : لە ڕاستیدا من یەک شایەدم هەڵبژارد کە مامی منە بەڕێز ( مامە عەباس غەفوور ) م بوو و نامۆش خاڵی خۆی هەڵبژارد بەڕێز( دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی ) بوو.
دوای ئەوەی شایەدەکان ئیمزایان کرد ماموەستا مەلا ( ئیبراهیم مەجید پوور ) فەرمووی چاکتر وایە شایەدەکان خزمی چۆپی و نامۆ نەبن، هەر ماموەستا پێشنیاری ( دکتۆر جەبار قادر ) ی کرد کە نوسەر و مێژوو نوسێکی گەورەی کوردە و ئێمەش هونەرمەند ( نەجات جەوهەر ) مان هەڵبژارد، بەو شێوەیە بوون بە چوار شایەد. سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین.

منییش پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم خێزانێکی ئاسودەو بەختەوەر درووستبکەن.

هۆگر محەمەد.


2005 4 10




2005 4 10


2005 4 10


2005 4 10


2005 4 10